# هەموو پێغەمبەرێک حەواریەکی -پشتیوانێکی- هەیە، وحەواری من زوبەیرە

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «کێ هەواڵم بۆ دێنێت سەبارەت بە دوژمن؟» لە جەنگی ئەحزابدا، زوبەیر ووتی: من، پاشان فەرمووی: «کێ هەواڵم بۆ دێنێت سەبارەت بە دوژمن؟»، زوبەیر ووتی: من، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەموو پێغەمبەرێک حەواریەکی -پشتیوانێکی- هەیە، وحەواری من زوبەیرە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لە جەنگی ئەحزابدا کاتێک قوڕەیش وئەوانی تر هاتن بەرەو مەدینە؛ بۆئەوەی دژی مسوڵمانان بجەنگن، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد بە لێدانی خەندەق لە دەوروپشتی مەدینە، وهەواڵ گەیشت بە مسوڵمانان کە هۆزی بەنی قورەیزە لە جولەکە پەیمانەکەیان هەڵوەشاندووەتەوە لە نێوان ئەوان ومسوڵمانان، و لەگەڵ قوڕەیش بوون بۆ جەنگان لە دژی مسوڵمانان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: کێ هەواڵم بۆ دێنێت سەبارەت بە دوژمن -واتا: بەنی قورەیزە-؟، زوبەیری کوڕی عەوام ووتی: من هەواڵی ئەوانت بۆ دێنم، پاشان فەرمووی: کێ هەواڵم بۆ دێنێت سەبارەت بە دوژمن -واتا: بەنی قورەیزە-؟، زوبەیر ووتی: من، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەوێدا فەرمووی: هەموو پێغەمبەرێک حەواریەکی -پشتیوانێکی- هەیە، وحەواری من زوبەیرە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11192

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee